## ڕێبین تەها، ڕۆژنامەنووس‌و ڕابەری خۆپیشاندانەکەی کەلار دوای ئازادبوونی لە زیندان:

# ڕەنگە زیندانی کردنی من بەمەبەستی چاوسورکردنەوەبێت لە خەڵکانێك کە داوای مافە ڕەواکانی خۆیان دەکەن

**ئۆکتۆبەر: سەرەتا خۆشحاڵێن بە ئازابوونت ،گەر بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمانی ڕوونبکەیتەوە کە هۆکاری زیندانی کردنت چی بوو ؟ هیچ هۆکـارێکی سیاسی لە پشتەوە بوو؟**

ڕێبین تەها: سوپاس بۆ ڕۆژنامەکەتان و سازادنی ئەم چاوپێکەوتنە، دوای دەرکردنی بلاۆکراوەی تەنزئامێزی "نەعلەشۆ" لـە گـەڵ چـەند گـەنجێکی تـردا دوو بەرپرسی یەکێتی داوایان لە سەرم تۆمارکرد وەك بەرپرسی یەکەمی بلاۆکراوەکە گوایە تەشهیرم بەوان کردووە. هەر چەندە من تەشـهیرم بـە کەسـیان نـەکردووە و ئەوەی هەیە چەند ڕاستیەکم لە شێوەی تەنزدا گەیاندۆتە خوێنەرانی بلاۆکراوەکەمان، ئەمە لە لایەك لـە لایـەکی تـرەوە بـە تەئکیـد هۆکـاری سیاسی لـە پـشت دەستگیر کردنی منەوە بوو، ڕاستە من بە بڕیاری دادگا زیندانی کرام ،بەلاّم شێوەی تۆمەتبار کردنی من و دواتر هێشتنەوەم لە زیندانێکدا لە گەڵ 30 زینـدانی جۆراوجۆردا بۆ خۆی شتی سیاسی لە پشتەوە بوو، من وەکو ڕۆژنامەنوسێك باکگراوندێکی ڕۆشنبیر و حەسانەی تایبەتی خۆم هەیە ناکرێت لە گەڵ خەڵکی تەزویر چی یان دز و جەردە و پیاوکوژدا لە ژورێکدا زیندانی بکرێم کە ئەمەشیان مەرامی سیاسی لە پشتەوە بوو چونکە من هەمیشە لە سەنگەری بەرگریکردنـدا بـووم لە ماف و داخوازیەکانی خەڵکی دەڤەرەکەم و بۆ ساتێکیش ئامادەی سازش کردن نەبووم لە ئاست مافە ڕەواکانی جەماوەردا ڕەنگـە زینـدانی کردنـی مـن بـە مەبەستی چاو سورکردنەوە بێت لە خەڵکانێك کە داوای مافە ڕەواکانی خۆیان دەکەن ..

**ئۆکتۆبەر: کاریگەری ئەم دەسگیر کردنە لە سەر کاروباری کۆمەڵەی بە مەدەنیکردن چی بوو؟ کاریگـەری کۆمەڵـە و خـەڵکانی تـری دەرەوەی خۆتان لە سەر ئازاد کردنت چی بوو؟**

ڕێبین تەها: لە ڕاستیدا دەستگیر کردنی من کاریگەری خۆی هەبوو لە سەر کۆمەڵەی بە مەدەنیکردنی گەرمیان، ئەو ڕۆژەی من دەستگیر کـرام بەرنامـەمان دانا بۆ بەستنی یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە، کە بە داخەوە دەسگیر کردنی من و پێنج ڕۆژ هێشتنەوەم لە زینداندا، ئەو بەرنامەیـەی دواخستین، ئەمـە وەلاّمـی بەشێکی پرسیارەکەت ، سەبارەت بە کاریگەریەکانی کۆمەڵە و خەڵکانی دەرەوەی کۆمەڵە لە سەر ئـازادکردنم، مـن لای خۆمـەوە سوپاسـی حزبـی کۆمۆنیـستی کرێکاریی عێراق دەکەم کە لەسەر زیندانی کردنی من بەیاننامەی ناڕەزایی دەرکرد، بەلاّم بە داخەوە کۆمەڵەی بە مەدەنیکردنی گـەرمیان کـە بـۆ خـۆم وتەبێـژی ڕەسمی کۆمەڵەم هیچ هەڵوێستێکیان لە بەرانبەر دەستگیر کردنمدا نەبوو، کە بەراستی ئەبوایە هەڵوێستیان هەبوایە، بەلاّم بە گشتی ئـازادیخوازان لـە کوردسـتاندا بێدەنگ بوون لە ئاست دەسگیر کردنمدا..

**ئۆکتۆبەر: بەرنامەی ئایندەی کۆمەڵەی بە مەدەنیکردنی گەرمیان چی یە؟**

ڕێبین تەها: لێتان ناشارمەوە کە بەڕاستی ئیش و کارەکانمان زۆر سست ئەڕواتە ڕێوە، ئەو بەرنامەی کۆنفرانسەی کە هـەمانبوو، ئـەویش بـە هـۆی کردنـەوەی قوتابخانەکان سستی تێکەوتوە، چونکە برادەرانی ئێمە زۆربەیان خوێندکارن، بۆیە ڕەنگە بەم نزیکانە نەتوانین هیچ کارێك ئەنجام بدەین...

**ئۆکتۆبەر: دوا قسەت بۆ خوێنەرانمان؟**

ڕێبین تەها: هیوادارم بەرەیەکی یەکگرتووی چەپ و ئازادیخوازان و ڕۆشنبیران لە کوردستان پێك بهێنرێت و چیتر بەم پەرتەوازەییە کارەکان ئەنجام نەدرێت و لە ئاست سوکایەتیکردن و بێ حورمەتی کردن بە هەر ئینسانێکی ئەم کوردستانەدا، دەنگ هەڵبڕین. جارێکی تر سوپاس بۆ ئەم دیدارە ...